ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# نۆیەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی بەرلین ساز دەکرێت

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی بەرلین، لە ڕۆژانی یەک تاوەکو 7 ئابی داهاتوو لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا سازدەکرێت و بەرهەمی سینەماکارانی هەر چوار پارچەی کوردستان و سینەماکارانی ئەوروپی تێیدا نمایش دەکرێن.




فێستیڤاڵەکە بە هاوکاریی سینەمای بابیلۆن و سینەمای مۆڤیمێنتۆ لە بەرلین بەڕێوەدەچێت. بەپێی ڕاگەیێندراوی فێستیڤاڵ، لە خولی ئەمساڵدا بایەخێکی تایبەت بە بەشداریی ژنانی کورد لە سینەمای کوردی و بارودۆخی ژنان لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدرێت.

"کچانی خۆرەتاو" کە فیلمێکی جەنگییە و ژنان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن و بەشێک لە قارەمانێتی و خەباتی ژنان لە شەڕی دژی داعشدا پێشان دەدات، گوڵشیفتە فەراهانی، ئەکتەری ناسراوی ئێرانی ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت. بەڵگەفیلمی (فەرماندە ئاریان) لە دەرهێنانی ئالبا سۆتۆرا، بەڵگەفیلمی (دیستانت) لە دەرهێنانی لەیلا تۆپراک، بەڵگەفیلمی (بەرەو ئازادی) لە دەرهێنانی عەلیڕەزا محەممەدیان و بەڵگەفیلمی (دیالۆگ) لە دەرهێنانی سەلیم یڵدز لە خولی ئەمساڵدا بەشدارن. ناوەڕۆکی هەمووشیان لەبارەی پرسی ژنە.

هەر لە خولی ئەمساڵدا گرنگی بە فیلمی منداڵان دراوە و بەهاوکاریی ڕێکخراوی یەکماڵ و زارۆک تیڤی چەندین فیلمی کوردی و ئەڵمانی بۆ کەسانی خوار تەمەن 18 ساڵ نمایش دەکرێن.

لە نوێترین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی بەرلیندا، 30 فیلمی سینەمایی، کورتەفیلم و بەڵگەفیلمی سینەماکارانی کورد و ئەوروپی نیشاندەدرێن.

فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی بەرلین لە ساڵی 2003 وە لەلایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلمی (میتۆس فیلم)ـەوە و بە هاوکاریی ڕێکخراوە سەربەخۆکان بەڕێوە دەچێت و بە یەکێک لە فێستیڤاڵە سینەماییە گرنگەکانی سینەمای کوردی دەناسرێت.

# کەریم دەشتی فیردەوسی وتبووی کردە کوردی


■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بەناوبانگترین داستانی جیهان کە جۆن میڵتۆن نووسیویەتی، لەلایەن نووسەر کەریم دەشتی کرایە کوردی.

شاعیرو نووسەری کورد کەریم دەشتی لەبارەی ئەم بەرهەمە نوێیە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، داستانی بەناوبانگی جیهان فیردەوسی ونبوو کە لەلایەن جۆن میڵتۆن نووسراوە، کردوومە بە کوردی.

کەریم دەشتی لەبارەی هەڵبژاردنی ئەو کتێبەش بۆ وەرگێڕان دەڵێت، داستانی فیردەوسی ونبوو بەناوبانگترین داستانی ئەدەبی ئینگلیزییە لە جیهاندا و دوای داستانی کۆمیدیای خوایی دانتی دێت.

گوتیشی، فیردەوسی ونبوو بریتییە لە دوازدە کتێب، لە زمانی فارسییەوە شەش کتێبیم کردووەتە کوردی و سوودم لە سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکان وەرگرتووە و بۆ پێداچوونەوەش سوودم لە سەرچاوە ئینگلیزییەکە وەرگرتووە.




# لیسە پێنج پەرتووکی نوێی چاپکردن




■ ئا: بەسام مستەفا

وەشانخانەی لیسە لە ئامەدی باکووری کوردستان پێنج پەرتووکی کوردی چاپ و بڵاوکردەوە. یەکێک لە پەرتووکەکان چیرۆکە و دووانیان هەڵبەستن، کتێبێکیان دەربارەی تیۆری هونەرییە و ئەوەی دیکەشیان مێژووییە.

"خۆشخوان" یەکێکە لە کتێبەکانی دەزگاکە کە دیوانێکی شیعری هەڵبەستڤانی ڕۆژئاوای کوردستان جگەرخوینە. دیوانەکە لە 174 لاپەڕە پێکدێ. دیوانەکە ئەو هەڵبەستانەی تێدان کە جگەرخوین لە ساڵی 1925 نووسیونی. هەندێک لەو شیعرانەی جگەرخوین پێشتر بڵاوکراونەتەوە، بەڵام وەشانخانەی لیسە هەموو شیعرە کۆنەکانی ئەو هەڵبەستڤانەی کۆکردوونەتەوە و لە دیوانێکدا چاپی کردووە.

کتێبی دووەم بەناوی "حیسابگێڕ" کە لە 94 لاپەڕە پێکدێ، 11 کورتەچیرۆکی لەخۆگرتووە و لەلایەن فەرهاد محەممەدەوە نووسراوە. ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی فەرهاد بریتین لە کێشەی شەخسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئەدەبی.

کتێبی سێیەم دیوانێکی شیعریی سوعاد جگەرخوینە بەناوی "ئومێدە ونبووەکان" کە لە 74 لاپەڕە پێکدێ.

کتێبی چوارەم کە ناوەڕۆکەکەی هونەرییە، بەناوی "ڕێزمانی میوزیک" لە 286 لاپەڕە پێکدێ و لایەن فاتیح مەعرووفئۆغڵو نووسراوە. ناوەڕۆکەکەی باس لە تیۆری میوزیک دەکات.

دوایین کتێب بەناوی "دیرۆک و شارستانییەتی ئۆرارتۆریان " لە 188 لاپەڕە پێکدێ و لەلایەن ئیسحان جۆلەمێرگی نووسراوە. ناوەڕۆکەکەی باس لە بەشێکی ونبوو لە مێژووی کوردان دەکات

# سینەمای هەولێر داوای سیناریۆ دەکات

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر، پرۆژەیەکی سینەمایی ڕاگەیاندووە بۆ بەرهەمهێنانی ژمارەیەک کورتەفیلم و داوا لە سینەماکاران دەکات بەرهەمەکانیان بنێرن.

شاخەوان مستەفا، بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی بەرفراوان بۆ بەرهەمهێنانی کورتەفیلم بۆ ساڵی 2019 – 2020 ، بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر داوا لە سەرجەم سینەماکار و فیلمسازانی سنووری پارێزگای هەولێر بەسەرجەم شار و شارۆچکەکانییەوە دەکات کە سیناریۆکانیان بۆ دروستکردنی کورتەفیلم بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەمان".

شاخەوان مستەفا گوتیشی: "دوای بێدەنگبوونێکی پێنج ساڵە، بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی لە ساڵی 2014ـەوە ڕووبەڕوومان بووەوە، چ لەڕووی قەیرانی ئابووری و چ شەڕی داعش، لەو ماوەیەدا نەمانتوانی هیچ شتێک بۆ سینەماکارانی هەولێر بکەین".

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە لە ئێستاوە وەرگرتنی سیناریۆکان دەستپێکردووە و دابینکردنی بودجە بۆ فیلمەکان بەپێی ئاستی دەرهێنەرەکە دابین دەکرێت. سەبارەت بە ژمارەی ئەو فیلمانەی بەرهەمیان دێنن، شاخەوان گوتی: "ئێستا ناتوانین ژمارەی فیلمەکان دیاری بکەین، چونکە تاوەکو ئێستا بودجەکەمان بەدەست نەگەیشتووە".

وەرگرتنی سیناریۆ لە 25ی تەمموزەوە دەستپێکردووە و تاوەکو یەکی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ درێژەی دەبێت. بە گوتەی شاخەوان مستەفا بۆردێک لە سینەمای هەولێر هەڵسەنگاندن بۆ فیلمەکان دەکات.




## نامە ئەکادیمییەکان

# ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی ک

## باشووری کوردستان (١٩٧٠-١٩٩١)

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی



"ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (1970-1991)" ناونیشانی نامەیەکی دکتۆرایە کە (پەخشان سابیر حەمەد) بە سەرپەرشتیی (پ.د. محەممەد نووری عارف) ساڵی 2002 پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە.

بەشی یەکەم، لە تەوەری یەکەمدا بە چڕی لەسەر: زاراوە، چەمک، تیۆری، بوار و مێژووی ڕەمز و ڕێبازی ڕەمزییەوە دەوەستێ و ئاوڕ لە پەیوەندیی ڕەمز بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەک خوازە، خواستن و درکە و هتد دەداتەوە. ڕەمز واتا کۆکردنەوەی زیاتر لە دەلالەتێک لە پەنا ئەو وشانەی شاعیر بەکاریاندێنێ، بۆیە ڕەمز دوو شت هەڵدەگرێ:

1- بەشدارکردنی دوو واتا یان زیاتر لە وشەیەکدا.

2- شاراوەیی واتایەک و دەرکەوتنی ئەویتریان، لەپێناو ئیحابەخشین و کاریگەری مەعنەوی و دەروونی.

بەکارهێنانی ڕەمز لە زانستی لاهووتدا مێژوویەکی درێژی هەیە، بۆیە ریشەی سیمبول فەلسەفی و لاهووتی بووە تا ئەدەبی. ڕەمزیش چەندین جۆری هەبووە (ئاینی، زانستی، زمانی، هونەری و هتد)، هاوکات چەند خاسیەتێکی گشتی هەموویانی کۆکردووەتەوە:

1- هەموو ڕەمزێک لەبری شتێکی ترە.

2- هەموو ڕەمزێک ئیشارەتی دووانەیی هەیە.

3- هەموو ڕەمزێک ڕەگەزی واقیع و خەیاڵی تێدایە.

4- هەموو ڕەمزێک خاوەن هێزێکە، یا خاوەن ئەرکێکی دووانەییە.

لە زمانی کوردیدا جگە لە ڕەمز، هێما و نیشانە و جەڤەنگیش بەکاردەهێنرێ، بەڵام توێژەر بەچەند هۆکارێک ڕەمزی جێگیر کردووە. لای گۆتە درەوشانەوەی ڕەمز کاتێ ڕوودەدات کە خود لەگەڵ بابەت تێکەڵ دەبێ، یان پەیوەندی هونەرمەند بە سروشتەوە کە گونجانێکی قووڵ لەنێوان یاساکانی ویژدان و سروشت دەهێنێتە دی. هەموو ڕەمزێک لە سێ ڕەگەزی (دال، مەدلول و دەلالەت) پێکدێت. دواتر توێژەر باسی پەیوەندیی ڕەمز بە لێڵی و تەمومژەوە دەکات، هەربۆیە دەگوترێت هیچ شیعرێک نییە بڕێک ڕەمزی تێدا نەبێت. هەرچی ڕێبازی ڕەمزیشە لەگەڵ دێرینیی بەکارهێنانی ڕەمزدا نوێیە، بەڵام پەردەیەکی تاریک مێژووەکەی داپۆشیوە، لەگەڵ ئەوەش توێژەر ئاوڕی لەو کەشەی سەرهەڵدانی ڕێبازەکە داوەتەوە و مانیفێستی شاعیری فەرەنسی جان موریاس لە 1886 وەک لەدایکبوونی ڕێبازەکە ناودەبات، بەڵام هەوڵەکانی بۆ پێشتر دەگێڕێتەوە. هەرلەم تەوەرەدا باسی بنەما فەلسەفییەکانی ڕێبازی ڕەمزیەت دەکات کە لاهووت و فەلسەفەی ئایدیاڵیزم بنەمایەکی پتەو بوون، بە تایبەت فەلسەفەی ئەفلاتوون و کانت کە هەردووکیان جیهانیان لەسەر بنەمای شاراوە و ئاشکرا دابەش کردووە. دواتر باسی کاریگەریی ڕۆمانسیزم و سۆفیگەری بەسەر ئەم ڕێبازەوە دەکات، هەروەک باسی سایکۆلۆژییەتی ڕەمز بەتایبەت لای فرۆید و یۆنگ دەکات. لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا باسی نزیکی و هاوسێیەتی ئیشارەت، خوازە و ئەلیگۆری لەگەڵ ڕەمز دەکات کە ئەمەش هانیدەدات باسی ڕەمز لە شیعری کلاسیک و هاوچەرخدا بکات.

لە تەوەری دووەمدا باسی ڕەنگدانەوەی ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا دەکات کە بارودۆخی کورد هاوکاری سەرهەڵدانی ڕەمز بووە، توێژەر دەڵێ ڕەمز تاقە دیاردەی هونەری بووە کە شاعیران بتوانن لەپەنایەوە ئەم بارە ئاڵۆزەی کورد دەربڕن، سەرباری لایەنی ستاتیکیی شیعر کە پێویستی بە ڕەمزە. لە حەفتاکان بەرەوسەر ڕەمز چڕتر بەکارهاتووە، بەڵام ڕێبازی ڕەمزی وەک ئەورووپا سەریهەڵنەداوە. دواتر باسی سەرهەڵدانی گروپ و بزووتنەوە ئەدەبیە هاوچەرخەکانی 1970 تا 1991 دەکات، لەوانەش ڕوانگە و گروپی پێشڕەو.. هەر لەم بەشەدا وێڕای هەڵسەنگاندنی ئەو نووسینانەی لەبارەی ڕەمز نووسراون، ڕەگەزە هونەرییەکانی شیعری هاوچەرخ نیشاندەدات، بۆ نموونە ڕەفیق سابیر دەنووسێت:

**ئێستاکە جەستەی من درەختێکە**
**چاوانم بەسەر چڵیەوە نیشتووە...**

درەخت کە ڕەمزی جوانی و ژیانە، شاعیر جەستەی بە درەخت چواندووە و چاویشی بە چۆلەکە کە بەهۆی فرمانی ڕابردووی تەواو (نیشتووە) چڵ بووەتە خواستنێک بۆ (سەر)، واتە چڵی درەخت بەرامبەر سەری مرۆڤ، ئەمەش گۆڕانی جەستە پەیوەست بە مرۆڤی پڕ جووڵە بە نەجووڵاویی درەخت دەگەیەنێت. هەر لەم بەشەدا ئاوڕ لە زمانی شیعری هاوچەرخ و هەندێک دیاردەی تری هونەری وەک دووبارەکردنەوە و لادان دەداتەوە.

لە بەشی دووەمدا جۆرەکانی ڕەمز بە نموونەی شیعری شاعیرانەوە دەخاتەڕوو، جۆرەکانیش:

**1- ڕەمزی ئەفسانەیی:** هاتنی ڕەمز و ئەفسانە پێکەوە، واتە وەرگرتنی ئەفسانە وەک قاڵبێکی ڕەمزی کە هێزی ئەفسانە لە ڕەمزدا پەخش دەبێت. بەکارهێنانی ئەفسانە وەک ڕەمزێک لەلایەن شاعیرانی هاوچەرخەوە زیاتر لە هۆکارێکی هەیە، لەلایەک واقیعی نەتەوەیی و لایەنەکانی کۆمەڵ دەردەبڕن، هاوکات خودی شاعیر و دەروونی دەردەبڕن. سیزیف، گلگامێش، سپارتاکۆس..هتد نموونەی ئەو ئەفسانانەن کە ڕەنگدانەوەیان لە شیعری شاعیراندا هەبووە، بەڵام دیارترینیان سیزیفە کە زۆر بە چڕی لە وێنەگەلی جیاوازدا بەکارهاتووە، موحسین ئاوارە دەنووسێ:

**ئەترسم تا بەیانی سەرکەوین و شۆڕبینەوە**
**بە ئارەقی سیزیف بنووسرێن و**
**کەروێشکی سەراب بخوێنینەوە.**

یان شێرکۆ دەنووسێ:

**لە کەیەوە تۆ "سیزیف"ی**
**ئەم جیهانەش بەردەکەتە؟!**
**لە کەیەوە تۆ "زۆربا"یت و بومەلەرزەش**
**سەماکەتە؟!**

**2- ڕەمزی ئاینی:** ئەم ڕەمزە یەکێکە لە ڕەمزە فراوانەکانی شیعری هاوچەرخ کە شاعیرانی هاوچەرخ لە بەکارهێنانیدا بە عەقڵیەتی ئاینی بیرناکەنەوە. ڕەمزی ئاینی لەوەی کە سروشت تێپەڕ دەکات، هاوکات لەناخەوە کۆمەڵایەتیشە. سەرچاوەکانی ڕەمزی ئاینی لە شیعری هاوچەرخدا بریتیە لە: ئاینە ئاسمانییەکان و کتێبەکانیان (قورئان، ئینجیل، تەورات) هەندێ ڕەمزی ئاینی کە پەیوەستە بە خودی ئاین و ڕابەرەکانیان، وەک زەردەشت و مانی، بوزا. پەیامبەر و گێڕانەوەی ژیان و موعجیزەکانیان، سرووتە ئاینییەکان، ڕەمزە سۆفیگەرییەکان بە کەسایەتیەکانی وەک حەلاج و مەولانا، هاوکات شوێنە پیرۆزەکانی وەک مزگەوت و مەزار و دێرەکان، پاشان جادوو و نووشتە و دەستخوێندنەوە.. مەسیح لە شیعری هاوچەرخدا ڕووبەرێکی گەلێک بەرینی داگیر کردووە، لەبەرئەوەی وەک ڕزگارکەری مرۆڤایەتی ناسراوە، ئەنوەر قادر دەنووسێ:

**تەمی چاوی هۆنراوەکان**
**پڕشنگی سوور ئەتاسێنێ**
**خۆشەویستی و پەیامی سپی عیسایە**
**تەنانەت دڵی خاچەکان ئەگریێنێ**

یان دەنووسێ:

**کۆترە شینکی ئێسک سووکی ژانی مەسیح**
**بە دەوری کەنیسەی دڵما خول ئەخوات و هەر ئە گمێنێ**

یان لەتیف هەڵمەت دێت دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت دەبەستێتەوە بە مەسەلەی نەتەوایەتی:

**ئەژیم لە پەرتووکێکی بێ ناوا**
**پەرتووکێکی پڕ لە پرسیار**
**نە من لاڵ نیم... نە من لاڵ نیم**
**بەڵام کەس گوێ ناگرێ لە هاوار**
**لەسەر سێوێ دیسان ئەتدەن لە دار**

ئادەم کە ڕەمزی تاکی کوردە و سێویش مافەکانێتی کە مافی بڕیاردانی چارەنووسە، بەڵام لاڵ ئاسا لە پەراوێزی چوارچێوەیەکە و داوای ناوێک دەکات تا ببێتە ناونیشانی چوارچێوە مێژوویەکە، بۆیە گرفتی سێوەکە بەردەوام لە هەڵکشانی سزادایە، کە لێرەدا بۆتە لەداردان، بەڵام جەخت لەسەر لاڵنەبوون و هاوارکردن دەکاتەوە.

**3- ڕەمزی مێژوویی:** هەموو شاعیرێک سوود لە مێژوو و ڕەگەزەکانی وەک ڕەمز وەردەگرێت، ئەمەش وادەکات خوێنەر لە شیعردا لایەنێکی دیکەی مێژوو ببینێت کە لە مێژوودا ونە. لەناو شاعیرانی هاوچەرخدا سەرچاوەی ڕەمزە مێژووییەکان بریتین لە: مێژوو و ڕەچەڵەکی کورد، میدیا و میرنشینەکان. مێژووی نەتەوە هاوچەشنەکانی وەک کورد لەوانە فەلەستین و ڤێتنام...مێژووی هاوچەرخ لە کارەساتە تراژیدییەکانی وەک ئەنفال و هەڵەبجە.. هاوکات کەسێتیە مێژووییەکانی وەک شێخ مەحمود و ڕووداوەکانی وەک قەڵای دمدم و دواجاریش بەعس و ڕژێمی داگیرکەر ..ئەمانە هەمووی دەبنە کەرەسەی شیعر وەک ڕەمزی مێژوویی. بۆ نموونە مەلای خەتێ یەکێکە لەو کارەکتەرانە کە ڕەمزی ناپاکیە و شیعری هاوچەرخ زۆر بەکاریهێناوە. بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

**خنکام لە دووکەڵی فەتوای ناو مێزەری**
**توونی بابا... پیلانەکەی**
**"مەلای خەتێ" دا بوو خنکام**
**سوتام لە گێژاوی گڕی دەمی ئەژدەهای حەوت سەری**
**"مەلای خەتێ"دا بوو سوتام.**
**شاعیر گڕی وشەکانی فەتوای مەلای بە گڕی ئەژدەهای حەوتسەر چواندووە.**

**4- ڕەمزی کەلەپووری:** کەلەپوور کانگایەکی بەپیتی ڕەمزە، پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوان کەلەپوور و بابەتی سەردەمیانە هەیە، چونکە ڕابردوو بە ئێستاوە گرێدەدات. شاعیرانی هاوچەرخ زیاتر شیرین و فەرهاد، تێهەڵکێشی کۆپلە یان بابەتی فۆلکلۆر، هەروەها شێوازی

---

# شیعر
# زمان ڕزگار دەکات

شیعر، ئاخافتنە بە زمانێکی جیاواز لە زمانی ڕۆژانە و ئاسایی. ئەگەرچی زمانی شیعر کەرەستەکانی خۆی هەر لە زمانی ئاسایی وەردەگرێ، بەڵام تێکهەڵشێلان و داڕشتنەوەی زمان لە جیهانی خەیاڵ و زەینی شاعیردا وای لێ دەکات، ئەو زمانی دەربڕینە لە زمانی ئاسایی خەڵک جیاواز بێت. کاتی خۆی فۆرمالیستەکان باسی نامۆکردنەوەی زمان یان سڕینەوەی ئاشنایەتیان کرد و گوتیان: شیعر، تۆزی خووخدە و عادەتی ڕۆژانە لەسەر وشە و زمان دەتەکێنێ. بۆ وێنە دەیانگوت: ئێمە ڕاهاتووین بڵێین کە زانیی خۆشمدەوێ، گەش گەش بووەوە. گوتنی ئەو قسەیە زمانی ئاساییە و ئەگەر لە یەکێکی ببیستین، بیر لە وشەکان ناکەینەوە، بەڵکو یەکسەر بیر لە پەیامی ڕستەکە دەکەینەوە و تێدەگەین ئەو کەسەی باسی دەکرێ، وەختێک لە گومانی "ئاخۆ خۆشی دەوێم یان نا" ڕزگار دەبێ و لێی ڕوون دەبێتەوە خۆشمدەوێ، دەستبەجێ ڕوخساری گەش دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێی: "گوڵی ڕوخساری بە شنەبای خۆشەویستیم پشکووت"، ئیتر قسەیەکی ئاساییمان نەکردووە. گوڵی ڕوخسار، پشکووتن، بە شنەبای خۆشەویستی. ئەو شتانە زمانەکەیان لە زمانی ئاسایی دوورخستووەتەوە. ئەگەرچی زۆر جار هەر ئەو زمانەی سەردەمێک نائاسایی بووە، لە ئەنجامی زۆر گوتنەوەدا دەسوێ و دیسان دەبێتەوە زمانێکی سواوی ڕۆژانە. بۆیە شاعیران بەردەوام لە داهێناندان و گەورەترین داهێنانی شاعیریش داهێنانە لە گۆڕەپانی زماندا.

شەفیعی کەدکەنی دەڵێ: شیعر ڕووداوێکە لە زماندا ڕوودەدات. بەپێی ئەو بۆچوونەی کەدکەنی بێ، ئێمە لە شیعردا بێ ئەملاوئەولا پێویستە بەشوێن ڕووداوێکی زمانیدا بگەڕێین. ڕووداوێک، کە تووشی ڕاچڵەکینمان بکات. ڕووداوێک پێشتر ڕووی نەدابێ و خوێنەر یەکەم جاری بێ بەسەریدا بکەوێ. حافزی شیرازی دەڵێ، بەسەرهاتی عیشق و خۆشەویستی لە بنەبانی مێژووەوە تا ئێستا هەر یەک بەسەرهاتە، بەڵام سەیرە، لە هەر زمانێکەوە گوێمان لێ دەبێتەوە، تازەیە و دووبارە نییە. کەوابوو شیعر نابێ بە زمانێکی سواو و دووبارە بۆمان بدوێ. ئینجا بۆ ئەوەی دووبارە نەبێ، پێویستە ڕووداو بخولقێنێ، ئاخر مرۆڤ تەنیا بە دیتنی ڕووداوەکان ڕادەچڵەکێ. ڕووداوی کوژران و کوشتنی مرۆڤەکان تەنیا لە مەرگدا هاوشێوەی یەکن، ئەگینا لێکجیاوازن و هەرکام بەشێوازێکی جیاواز لەویتر ڕوودەدەن، بۆیە هەموو ڕووداوێک تووشی ڕاچڵەکین و سەرسوڕمانمان دەکەنەوە. کەوابوو ڕووداوی زمانیش دەبێ نوێ بێ و داهێنەرانە بێت. مرۆڤ کە بیر لە ڕووداو دەکاتەوە، یەکەوڕێ مێشکی بەلای ئەو ڕووداوانەدا دەچێت کە لە دنیای دەوروبەریدا ڕوودەدەن، بەڵام ڕووداوی ئەدەبی، بریتین لەو بەرهەمانەی زۆربەی کات لە ژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوانەی دەوروبەرماندا دەبنە ڕووداوێکی زمانی و لە فۆرمی چیرۆک و ڕۆمان و شیعردا دێنەوە بەرهەم و ئێمە بە خوێندنەوەیان چێژێکی ستاتیکی وەردەگرین. بەو پێیە دوو ڕووداومان هەیە:

1- ئەو ڕووداوانەی لە جیهاندا دەقەومێن و ڕوودەدەن.

2- ئەو ڕووداوانەی لە ژێر کاریگەریی ئەواندا ناخی شاعیر و نووسەر دەهەژێ و ڕووداوێکی زمانی دەخولقێنن. بەتایبەتی شاعیر ئەو ڕووداوەی لە جیهانی واقیعدا ڕوویداوە، دەکاتە هەوێنی شیعرێک و بە زمانێکی جیاواز لە زمانی شاعیرانی پێش خۆی و بە داڕشتنێکی نوێوە ڕووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. بۆ وێنە، لە بۆردومانێکدا منداڵێک دەسووتێ، خەڵک دەڵێن منداڵێک سووتا... لێرەدا تەنیا هەواڵێکی دڵتەزێن دەبیسین بە وشە و ڕستەگەلێکی ئاشنا کە تێیاندا ئێمە تەنیا بیر لە پەیامی ڕستەکە دەکەینەوە و دەپرسین: کەی؟ چۆن؟ بۆچی؟ ئەی ئاخری؟ بەڵام شاعیر دەڵێ: خونچە هەڵپڕووکاون. لێرەدا ئێمە لەگەڵ ڕووداوێکی زمانی ڕووبەڕووین. ڕووداوێک کە لەبری ئەوەی هەست بکەین هەواڵێک دەبیسین، وێنەیەکمان دێتە بەرچاو. وێنەیەک کە تێیدا بەر لە واتای ڕستەکە، وشەکان گرینگن. پێوەندیی نێوان پاژ و کۆی وشەکان پێکەوە و لە پێوەندیی لەگەڵ سەرلەبەری دێڕەکەدا.

هەر بۆیە، ئەوەی لە شیعردا زۆر گرینگە زمانە. زمانی شیعر، جیهانێکی زیندووە. زمانی شیعر، زمانی گەیاندنی هەواڵ یان بەدرۆخستنەوەی هەواڵ نییە و لە پێناو مەبەستێکی دیاریکراودا نییە، بەڵکو وشە بە وشەی مەبەستێکی تایبەت و جیهانێکی تایبەتە.

تا دێم ئەو گوڵە سپیانە مەنێژن

با لەو دێڕە شیعرەی شێرکۆ بێکەس وردبینەوە و ئەوەی لە سەرەتای ئەم بابەتەدا وەک تیۆری خستوومانەتە ڕوو، بە کردەوە پیت و وشە و دواجار سەرلەبەری دێڕەکەی پێ هەڵسەنگێنین و شیی بکەینەوە. کارەسات و ڕووداوە تاڵەکەی 16ی مارسی 1988 کە تێیدا پێنج هەزار کەس لە هەڵەبجە شەهید بوون، ڕووداوێکی زمانی لە ناخی شاعیردا دەخولقێنێ. تێیدا شێرکۆ بە زمانی شیعر قووڵایی کارەساتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەر لە سەرەتاوە زمانی گێڕانەوەکە زمانێکی قووڵ و جیاوازە لە زمانی ئاخاوتن. هەر لەو شوێنەوە کە دەڵێ:

دڵۆپ دڵۆپ باران گوڵ دەنووسێتەوە

شێرکۆ ناڵێ، باران تینوێتیی گوڵ دەشکێنێ. دەڵێ باران گوڵ دەنووسێتەوە. نووسینەوە واتە گیان وەبەرنان. باران گیان وەبەر گوڵ دەنێ. گوڵ بە باران دەبووژێتەوە و وشە بە نووسین.

لە دێڕی "تا دێم ئەو گوڵە سپییانە مەنێژن"دا، پێویستە پتر ورد بینەوە بۆ ئەوەی مەبەستەکەمان وردتر بپێکین.

یاکوبسۆن پێیوایە شیعر لەسەر بنەمای تەوەری "جێنشینی" دامەزراوە. واتە جێگرتنەوە یان خوازە بە کۆڵەکەی شیعر دەزانێ. لێرەدا گوڵ، جێی منداڵی گرتووەتەوە. گوڵ هێمای تەمەنی کورت و ناسکی و بێگەردی و پاکییە. سپی، دیسان هێمای پاکی و بێگەردییە. لەلایەکیش دەڵێن منداڵ وەک پەڕی سپی وایە و چیی لەسەر دەنووسیت بنووسە. ئەی بۆچی ناڵێ گوڵی سوور؟ دەی خۆ لە زمانی ئاسایی خەڵکدا بە شەهید دەڵێن سوورخەڵات، ئەدی بۆچی لێرەدا ناڵێ سوورخەڵات؟ چونکە شەهیدەکانی هەڵەبجە، بە فیشەک شەهید

# ...وردیدا



هەبوو و نەبوو کە بەشێکە لە گێڕانەوەی حەکایەت بەکاردەهێنن.

**5ـ ڕەنگ وەک ڕەمز:** ڕەنگەکان ڕەمزن و بەناوهێنانیان هۆشی وەرگر ئاراستە دەکەن. ڕەنگی سپی نیشانەی ئاشتیە، بەڵام زۆرجار شاعیران بەپێی دۆخی دەروونی و لایەنی هونەری ڕەمزی ڕەنگەکان دەگۆڕن، بۆ نموونە ئەحمەد ڕێبوار دەنووسێ:

**هەتا وەکو**
**کۆتری ڕەش... باڵی ئەبڕێ**
**یاسای ئەوین**
**ئازاد ئەکرێ**

**6ـ ژمارە وەک ڕەمز:** ژمارە لە ئەدەبدا ڕەمزئاسا ڕۆڵی هەبووە، بەڵام لە شیعری هاوچەرخدا بەهۆی ڕووداوەکانەوە هەندێک ژمارە بوونەتە ڕەمزی دیار بۆ دەربڕینی ناخی شاعیر و دۆخی کورد، بۆ نموونە چوار ڕەمزی چوارپارچەی کوردستانە، پێنج هەزار ڕەمزی شەهیدانی هەڵەبجەیە. لەتیف هەڵمەت دەنووسێ:

**زامەکانم کرد بە چوارپایەیەکی خەمبار**
**ئەبو جەهل فەرمانیدا**
**دەریانکردم لە بۆتەی شار..**

چوارپایە ڕەمزی چوارپارچەی کوردستان و ئەبوجەهلیش ڕەمزی زۆرداری دەسەڵاتە. یان جەوهەر کرمانج دەنووسێ:

**پێنج هەزار دڵ**
**دە هەزار چاوی خوماری و ڕەشی بێ کل**
**لەژێر چەکمەی**
**سوپای عروبەدا شێلدران**

لێرەدا دیارە کە مەبەست لە هەڵەبجەیە، بۆیە ژمارە کاریگەری فراوانی لەسەر شاعیرانی هاوچەرخ هەبووە، لە کۆتاییدا توێژەر چەند ئەنجامێک دەخاتەڕوو کە دیارترینیان ئەوەیە لای شاعیرانی حەفتاکان کۆمەڵە ڕەمزێکی بیانی زیاتر باوبوون و دووبارە بوونەتەوە، دواتر بەرەو ڕەمزی خۆماڵی چوون. ڕەمزی ئاینی و ئەفسانەیی دوو جۆر ڕەمزی سەرەکین کە بەکارهاتوون. هۆکاری سەرەکی بەکارهێنانی ڕەمز تەنیا نەبوونی ئازادی نەبووە، رامیاری بووە؛ سڕینەوەی ناسنامەی کوردە بووە لە عیراق، جگە لە پارچە پارچەبوونی کورد. لە هەشتاکانیش تا ڕاپەڕین بەکارهێنانی ڕەمز بە جۆرە جیاوازەکانیەوە و بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی شاعیران بەکارهاتووە، هاوکات پرسیار و دواندنی ڕاستەوخۆ و سەرسوڕمان دەبینرێ، هەروەک لە هەشتاکاندا گۆڕانی (تاکدەنگی) بە (فرەدەنگی) کە لە خزمەتی ڕەمزەکاندا بووە، تێبینی دەکرێت. لە کلاسیکدا سنوور و ئاراستەکان دیاریکراوە، بەڵام لە شیعری هاوچەرخدا کۆکردنەوەی بیر و وێنە و دیاردەی جیاواز کارێکی زەحمەتە، هەروەک چەندین تەکنیکی جیاواز لەپاڵ ڕەمزدا بەکارهاتوون، لەوانە خەون. کۆتا خاڵ ئەوەیە کە شاعیرانی کورد خاوەن فەلسەفەیەکی دیاریکراو نەبوون، هێندەی خاوەن دۆزێکی دیاریکراوی میللەتەکەیانن، بە سۆز و عەقڵەوە ئەم دۆزە دەخەنەڕوو، ژیانی شیعری کوردیش لەنێو ئەم دۆزەدا کە مانەوە و سڕینەوەی کوردە، بە ڕەمزی جیاواز گوزارشتی لێکراوە.

## ◄ ڕەسووڵ سوڵتانی



نەبوون و بەبێ ئەوەی خوێنیان لێ بێت، گیانیان لێ ئەستێنرا و کفنی سپییان پۆشی. هەر بۆیەش دەڵێ: ئەو گوڵە سپییانە. بۆ وێنە ئەگەر شاعیر گوتبای ڕاوەستن هەتا دێم ئەو منداڵانە کە تەمەنیان وەک تەمەنی گوڵ کورت بووە مەنێژن، ئەو کات ئێمە گوێمان لە قسەیەکی ئاسایی دەبوو، بە زمانێکی ئاسایی و سواوی ڕۆژانە. هەر لێرەشەوەیە کە دەڵێن ماناکردنەوەی شیعر و داڕشتنەوەی بە زمانی پەخشان، شیعرییەتی دەقەکە ناهێڵێ و ئیتر ئەوکات لە شیعریەت دەکەوێ. کەوابوو ئەوەی ئەم داڕشتنەی کردووەتە شیعر، زمانەکەیەتی. زمانێک کە لەلایەک خەڵکی ئاسایی ئاوا پێی نادوێن، کەچی وشەکانیشی لە زمانی خەڵکی ئاسایی هەڵێنجراون. "دێم، گوڵ، سپی، ناشتن/مەنێژن".

گوتمان، وشە لە زمان و دەقی شاعیرانەدا وشەیەکی ئاسایی نییە، بگرە فرەڕەهەندە. شیعر، زمان لە تاکڕەهەندبوون ڕزگار دەکا و دەیکاتە شتێکی فرەڕەهەند. ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە، ڕەهەندە شاراوەکانی دەق/ زمان/ وشە بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات.

وشەی گوڵمان تاوتوێ کرد، با بێینە سەر ناشتنەکە. ناشتن دوو واتای هەیە، یەکەمیان بەخاک ئەسپاردنە و دووەمیان چەقاندن و چاندنی نەمام و تۆوە. مەسەلێک هەیە دەڵێ: تۆو هەتا نەمرێ و لە خاکدا نەنێژرێ، چەکەرە ناکا و شین نابێتەوە. لێرەشدا شاعیر ناشتنەکەی بە واتای چاندن و چەقاندن هێناوە. وەک لەسەرەتادا بە گوڵیان دەشوبهێنێ. ئاخر تۆ کە نەمامێک دەنێژیت، بە مەرگی ناسپێریت، بەڵکو بۆ شینبوونەوە و هەڵدان و گەیشتن و بەرگرتنی دەنێژیت. تا ببێ بە داری بەری و هەم لە سێبەریدا بحەسێیتەوە و هەم بەروبووەکەی بخۆی. شێرکۆ لێرەدا دەڵێ: ئەو گوڵانە نەمردوون، بگرە تۆوی خەباتێکن، کە ڕۆژێک تەنانەت ئەم بە ڕواڵەت مەرگەیش دەبێتە دارێک، نیشتمان لە سێبەریدا دەحەسێتەوە و میللەت بەروبووی هەڵدەگرێتەوە.

داریوشی ئاشووری لە کتێبی شیعر و هزردا دەڵێ: شاعیر وردە شیعری پەرشوبڵاوی نێو جیهان کۆدەکاتەوە و پێکیانەوە دەنێتەوە و دەیانکاتە شیعرێکی تۆکمە و کاریگەر. هەر لەوێیشەوە یەکسەر دەڵێ: گەوهەری شیعر خەیاڵە. مەبەستی ئەوەیە، تۆ خەیاڵ لە شیعر بستێنیتەوە، هیچی پێوە نامێنێ. ئەو زمانەی گوتمان لە سایەی شیعرەوە دەبێتە جیهانێکی زیندوو و فرە مانا، ئەو زمانە لە سایەی خەیاڵی شاعیرانەوە وا قووڵ دەبێتەوە. ئاخر خەیاڵی شاعیر، منداڵێکی گیان لێ ئەستێنراوی دەستی غەدر دەکاتە گوڵی سپی. زمان لە سایەی خەیاڵەوە گیانی بە بەردا دێ و دەبێتە جەستەیەکی زیندوو. هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە کە خوێنەر زۆر جار پێش ئەوەی بیر لە پەیامی شیعرەکە بکاتەوە، سەری لە پێکهاتەی ڕستە و زمانەکەی سوڕدەمێنێ و ئەو فرەڕەهەندبوونی زمانە وای لێ دەکات چێژ وەربگرێ، هەر ئەوەشە شیعر لە قسەی ئاسایی جیا دەکاتەوە.

# هەڵوەشاندنەوەی گوتار و گەڕانەوە بۆ بونیادی گێڕانەوە

## ◄ نیهاد جامی





گێڕانەوە و نووسین دوو بونیادی هاوبەشی یەکترین، نووسین لەڕێگەی گێڕانەوە وێنای ڕووداو دەکات، گێڕانەوەش لەڕێگەی نووسینەوە ڕووداو دەگێڕێتەوە، پەیوەندیی ئەو دووە لەدایکبوونی گوتاری تێکستە، ئەگەرچی بەپێی ئاستی زەمەنی ئەو دووە تەواو گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. ئەوە "نووسەر"ـە لەنێوان گێڕانەوە و نووسیندا وەستاوە، لێرەدا نووسەر دەبێتە کەناڵی پەیوەندی، سەرەنجام گوتار ئەنجامی ئەو پەیوەندییەیە، هەریەکە لە تێکست و نووسەر وەک دوو ئامادەبووی ناو یەکتر دەردەکەون، ئەوانیش دەبنەوە بە ئامادەبوونی گوتار.

ئامادەبوون لای هەر نووسەرێک پەیوەستە بەچۆنیەتی خولقاندنەوەی پەیوەندی. بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژی گوتار پێویستمان بەوە دەبێت سێنتەری گوتار "تێکست" هەڵبوەشێنینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بچینەوە سەر بونیادەکان بەر لە بوونیان بە گوتار، هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر پرۆسەی سەرەتایی نووسینە، تێگەیشتنە لە ئامادەبوونی بونیاد کە هەریەکە لە گێڕانەوە و نووسین نوێنەرایەتی دەکەن، ئەوە ئامادەنەبوونی گوتارە، گوتار لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر دەگەڕێتەوە، بۆ بەر لە پرۆسەی ئامادەنەبوون.

بۆ ئەوەی لە گوتارەوە سەیری تێکست نەکەین، دەبێت بگەڕێینەوە ناو بونیاد، ئەو ساتەی بونیادەکان نەبوونە بە گوتار. نووسەر لەنێوان بونیادەکاندا بەشداری لە گەمەی زمان دەکات. نووسەر لەنێوان بونیادەکاندا چ گەمەیەک دەکات؟ ئەوە پرسیارە بەدوای هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر، پرسیارێک گومان لەکۆی پرۆسەی دامەزراندن دەکات، تاوەکو بچێتەوە سەر ڕەگی بونیاد، بۆ ئەوەش پێویستمان بەو جومگانە دەبێت کە وەک بونیاد دەرکەوتوون. نووسەر خەونی هەیە بۆ دامەزراندنی گوتار "تێکست"، ئەو خەونەی لە کردەی خوێندنەوەوە ناتوانین لە ماناکان تێبگەین بەبێ گەڕانەوە بۆ ناو بونیاد.

ئەو ستراتیژە بۆ خوێندنەوە دەتوانرێت بۆ پڕۆژەی نووسینی هەر نووسەرێک پیادە بکرێت، کاتێک نەمانتوانی بیگوازینەوە ناو پڕۆژەی نووسین، دەبێت گومان لە میتۆدی ڕەخنە نەکەین، بەڵکو پێویستە هەڵوەستە لەسەر گوتار بکەین کە ئامادەبوون لە بنەچەکەدا پرۆسەی نائامادەبوونە، دەنا دەبێت بتوانین بیگوازینەوە ناو پڕۆژەی نووسەری تێکست، بۆیە چەمکی گێڕانەوە وابەستەی فۆڕمێک نییە هێندەی پەیوەستە بە پەیوەندیی گێڕەرەوە بە زمانەوە. ئەوە گێڕانەوەیە وێنای فۆرم دەکاتەوە، لەو ساتەشدا هەموو ئەو لۆژیکەی لەناو مەعریفەی بەرایی گێڕانەوەدایە دەکەوێتە ناو پرۆسەیەکی گومانکاری، بەوەی گێڕانەوە وابەستەی چۆنیەتی کردەکەیە لەلای گێڕەرەوە.

پاوڵۆ کۆیلۆ لە ڕۆمانی "دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا" دەستنووسێکی دۆزراوە دەکات بە بنەچەی خولقاندنەوەی ڕۆمانەکەی، لێرەوە ئاستەکانی گێڕانەوە و پەیوەندیی کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتری دەباتە ناو پرسیاری مرۆڤەکان لە گێڕەرەوە. گێڕەرەوە کە لەڕێی دەستنووسەکەوە هەڵگری مەعریفەی زمانە، ئەوانیتر پرسیاری لێ دەکەن بۆ ئەوەی ئاشنایەتی پەیدا بکەن بۆ چۆنیەتی ڕەفتارکردنەوە. لێرەوە تێکست دەستنووسەکە دەکاتە پەیوەندیی گێڕەرەوە بە پرسیاری ئەوانیتر.

هەر یەکێک لە مرۆڤەکان نوێنەرایەتی توێژێک دەکەن، سەرئەنجام کۆی کارەکتەرەکان کۆمەڵگا پێکدێنن، کۆمەڵگایەک لەبەردەم دەستنووسەکەی ئەکرا، مانای پیرۆزی دەگەڕێننەوە، دەیانەوێت لەو ڕێیەوە بەپێی دەستنووسەکە ڕەفتار بکەن.

ئەوەی گێڕەرەوە دەیزانێت پەیوەست نییە بە زانینی خۆیەوە. ئەو دەستنووسێکی بەدەستەوەیە، مرۆڤەکان بەدەوری خۆیدا دەخولێنێتەوە، وای کردووە پەیوەندیان ببێت بە نەزانینی گشتی و مەعریفەی دەستنووس.

هەر یەک لە مرۆڤەکان لەڕێگەی ناو یاخود پیشەیەوە وێنەیەکی ڕوون بەخوێنەر دەبەخشێ، بەڵام ناچێتە ناو ژیانی ئەو کارەکتەرانەوە. ئەوەی لە مەعریفەی کوردیدا وەک گریمانە سەپاوە بەسەر ڕۆماننووسدا وەک ئەوەی دەبێت پابەند بێت بەو مەرجانەی نووسین، کۆیلۆ بەهیچ جۆرێک پابەندیان نییە، بەڵام مەعریفەی ئێمە و ترس لەویتر ناهێڵێت دەرگای ڕەخنە بەڕوویدا بکاتەوە، گەر وەک ئەوەی تێکستی کوردی بێبەها دەکرێت بەبیانووی ئەوەی ئیش لەسەر کارەکتەرەکان نەکراوە، گەر ئەو ڕۆمانە بەنموونە بێنینەوە، دەبێت بڵێین ئەو ڕۆمانەی پاوڵۆ کۆیلۆ دەبێت لە دادگای ئەو گوتارە ڕەخنەییەدا بچێتە ئاستی شکستی زمانەوە، ئەو ئاماژەیە دەرفەتێکی لەبارە تا وەڵام بەو نەزانییە ڕەخنەییە بدەینەوە کە هەمیشە کاریان کوشتنی ڕۆحی جوانییە.

لێرەدا هەوڵ نادەین لە مەبەستی وتارەکە لەوە زیاتر دووربکەوینەوە، ئێمە کاتێک سەیری کارەکتەرەکان دەکەین، وەک ئامادەبوونی گوتار سەیریان ناکەین، بەڵکو دەچینەوە ناو ئەو پرسیارانەی کارەکتەر لە گێڕەرەوەی دەکەن، بەواتای ئەوە ئامادەنەبوونی مانایە لە بونیاددا، گەر کارەکتەر ببێتەوە بونیاد. کەواتە بونیاد لە دەرەوەی مەعریفەوە پرسیار دەکات لە گوتاری پێشینە کە دەستنووسەکەیە. سەرئەنجام گێڕانەوە و نووسین بەشداری لە نەزانینی کارەکتەر و پرسیارەکانی دەکەن، نووسەر لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسەی نووسین گوتاری تێکست دادەمەزرێنێ، گوتارێک تەواوی ماناکانی نووسیوەتەوە. نووسینەوەی مانا بەخشینی مەعریفەیە بە کارەکتەر، لێرەوە کارەکتەر و خوێنەر وەک یەک لەناو تێکستدا بەشدارن بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی مەعریفە.

ئەگەر هەمان ستراتیژ بگوازینەوە ناو ڕۆمانێکی تری نووسەر بەناوی "سیخوڕ"، ئەو کاتە دەبێت قووڵتر سەیری ئەو بابەتە بکەین، بەهۆی ئەوەی کۆی تێکست ئەدەبی نامە دەینووسێتەوە. بەڵام ئەوە داڕشتنێک نییە بۆ خوێنەر وەک وەرگرێک کە نامەیەکی ڕەوانبێژی ئاراستە بکرێت، بەقەد ئەوەی فۆڕمی نامە دەبێتە بونیادی گێڕانەوە لەناو بونیادی نووسیندا کە نامەکەیە. لێرەوە ڕووداو دەبێتە ئامادەبوون لەناو بونیاددا، کارەکتەری ماتا هاری، سەماکارێک کە بەتۆمەتی سیخوڕی دەستگیرکراوە و دوای مەرگ نامەکەی دەگاتە دەستی پارێزەر، خوێندنەوەی نامەکە هیچ شتێک لە ژیانی نووسەری نامە ناگۆڕێت، ئەوەش دەرخەری ستراتیژی گێڕانەوەیە کە گێڕانەوە نووسینەوەی ڕابردووە. پارێزەرەکەش ئەو نامەیەی بۆ ماتا دەینووسێت بەهەمان شێوە ناگاتە ماتا هاری، چونکە ئیدی ئەو لەسێدارە دراوە. دەشێت نامەی ڕۆژنامەنووسەکەش تەنیا بەخشینی مەعریفە بێت بە ڕووداو و جۆرێک لە شاهیدیی دوای مەرگ بێت.

لێرەوە هەریەکە لە نووسین و گێڕانەوە لە گەشەسەندنێکی بەردەوامی ناو دۆسیەیەکدان کە تێکست "گوتار" لە پرۆسەی ئامادەبوونی کۆتایی بەژیان دێنێ و ئامادەبوونی مەرگ ئامادەبوونی گوتارە. لێرەوە نووسین و گێڕانەوە ئامادەبوونی ژیانە، بۆیە دەمانباتەوە ناو ڕابردووی ڕووداو، وەک چۆن نامەکەی مارتا مەعریفەی ناسینی زەمەنی دەگرێتە خۆی لە دوو ئاستدا، لەلایەک پەیوەندی بە شانۆنامەکەی ئۆسکار وایڵد، لە لایەکی دیکەوە ئامادەبوونی نیگارکێشەکانی وەک بیکاسۆ و مۆدیلیانی لەو سەردەمەدا وەک وێنەیەکی کولتووری خۆرئاوایی و پاریس بەرجەستە دەکات.

لەو ساتەدا بونیادەکان دەبەینەوە سەر ڕووبەری نووسین، ساتەوەختێکە چەندە گوتار تێکستێکی مێژوویی نووسیوەتەوە، لەهەمان کاتدا مانایەکی دیکە بە زەمەنی ئەدەبی دەبەخشێ لەڕێگەی گێڕانەوە. ئێمە کە بونیادەکانمان خستەوە سەر ڕووبەری بەتاڵی نووسین، خۆمان وەک خوێنەر لەودیوی ڕووبەرە بەتاڵەکە سەیری بونیاد دەکەین، ئەو وێنەیە دەبینین کە چۆن بونیادەکان یەکتر دەگرن و بەشداری لە نووسینەوە و گێڕانەوەدا دەکەن، تاوەکو سێنتەر دەخوڵقێنن.

خوڵقاندنی سێنتەریش دامەزراندنی گوتارە، گوتار دەبێتە خوڵقاندن و تەواوکردنی تێکست کە دنیابینی ناو گوتار، تیایدا مێژوو دەمرێت و تێکست زیندوو دەبێتەوە. ئیدی ئێمە لەناو تێکستەوە ڕووداو دەخوێنینەوە، نەوەک بەگەڕانەوە بۆ ناو مێژوو سەیری تێکست بکەین، ئەوەش خاڵێکی گرنگی ناو ئەو تێکستانەیە. کاتێک ڕووداوەکان دەگەڕێنەوە ناو مێژوو، تێکست نابێتە گێڕانەوەی ڕووداو، هێندەی تێکست ڕووداو دەخوڵقێنێتەوە، بۆیە لەبری دادگایی تێکست و کوشتن، دەکرێت ئەو گریمانەیە بخەینەڕوو کە چۆن لەڕێی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری گوتارەوە تێکست دەبێتە ڕووبەرێکی زمانەوانیی نوێ بۆ خوێندنەوە. بۆیە لەبری ئەوەی مێژوو بێنینەوە بۆ کوشتن، تێکست مێژوو زیندوو دەکاتەوە، وەک بوونێکی سەرمەدی. ئەوەش وادەکات مانای ناو تێکست، ئاماژە بەردەوامیەکەی ڕووداو بێت، ئاماژە مێژووییەکان یادەوەری و تۆمارێکی ڕابردوون، ئەوە تێکستە زیندوویی دەبەخشێ. ئەو میکانیزمە دەتوانین بیگوازینەوە بۆ ناو تێکستی کوردی و بەشێکی دیاری تێکستەکان لەو ڕووبەرەدا ببینین. خۆمان لە گریمانەی مێژوویی دەرباز بکەین و تێکست وەک ئامادەبوونێکی بەردەوام بخوێنینەوە.

## دانا ڕەئووف:

# مەزنترین چارەڕەشی ئەوەیە مرۆڤ چیتر خەون نەبینێ

ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، هاوکات بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری زۆر ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بەدوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویسترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕووئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنەوەیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە نۆیەم گفتوگۆماندا، دانا ڕەئووف، نووسەر و شانۆکار وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتووری ڕووداو**

**ڕووداو: ئێستا لەم کاتەدا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**دانا ڕەئووف:** من زۆربەی جار و لە یەک کاتدا چەند کتێبێک دەخوێنمەوە، بۆ نموونە کتێبێکی لێکۆڵینەوە، دیوانی شیعرێک و ڕۆمانێک. لەم ساتەدا دوو کتێبم بەدەستەوەیە، یەکەمیان کتێبێکی لێکۆڵینەوەیە (پریشکەکانی ئارتۆ)، ئەم کتێبەم تا ئێستا دوو جار یان سێ جار خوێندووەتەوە؛ کتێبێکی زۆر باشە و باسی گرینگترین تەوژمە شانۆییەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم دەکات لە فەڕەنسا کە لەژێر کاریگەریی ئەنتوان ئارتۆدا کاریان کردووە. هاوکات ڕۆمانی (سولێنۆید) لە نووسینی "میرکییە کارتەرێسکۆ" کە تازە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سویدی و ڕۆمانێکی ئێجگار دانسقە و جوانە. کارتەرێسکۆ یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی ئەورووپا و دەنگێکی تایبەتە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی جارانەوە. ڕووداوەکانی لە شاری بوخارێست ڕوودەدەن و ئەم نووسەرە گەنجە بە شێوازێکی هوشیارانە و تەکنیکێکی باڵا و دیدێکی سوریالیانە خەون و واقیع، ئێستا و ڕابردوو تێکەڵ دەکات. ڕۆمانەکە زیاد لە 800 لاپەڕەیە و هێندە نابێت کەوتووەتە بازاڕەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر زوو لە کتێبخانەکاندا تەواو بوو، مانگی داهاتوو چاپی دووەمی بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**دانا ڕەئووف:** کتێبخوێندنەوە و کاریگەرییەکانی وەک گەڕانی مرۆڤ بە دوای شوناسدا وایە و هەمیشە لە گۆڕان و جووڵەیەکی بەردەوامدایە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێک کتێب کاریگەریی قووڵیان هەیە و دابڕانێکی گەورە لەگەڵ ڕابردووی مرۆڤ دروست دەکەن. یەکێک لەو کتێبانەی بە گەنجی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر منەوە هەبوو، ڕۆمانی (زۆربا) بوو. من لە هونەری وێنەکێشانەوە، لە هێڵ و ڕەنگ و فڵچە و قەڵەمی خەڵووزەوە بە دونیای وشەکان ئاشنا بووم. تابلۆی شاخ و باخچەکانی کوردستان کە لەسەر پارچە قوماشێک یان پارچە مقەبایەک دەمکێشان، منیان بردە ناو کتێبخانەکانەوە. لەپڕ وێنەکێشان لە شیعری نزیک کردمەوە، بۆنی وشە و شیعرم لە تابلۆکانمدا دەکرد و هەستێکی بەهێز بەرەو شیعریان بردم. شیعریش بە شانۆی سپاردم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبی گران و دواتر لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەرگیرام، لە خێزانەکەمان دابڕام و لە دەرەوەی شارەکەمانەوە، بە زمانی عەرەبی دەستم بە خوێندن کرد. یەکەم کتێبیش بە زمانی عەرەبی خوێندمەوە، ڕۆمانی (زۆربا) بوو، زۆربا شتێکی لە ناخمدا دروست کرد، شتێکی گۆڕی، بە دونیایەکی ئاشنا کردم کە لەوەوبەر بەو شێوەیە درکم پێ نەکردبوو، بەو شێوەیە هەستم پێ نەکردبوو، بەو شێوەیەیش ڕۆمانم نەخوێندبووەوە. زۆربا ئەو کارەکتەرە بوو کە هەموومان خەونمان پێوە دەدی، بەڵام بۆ من بە پێچەوانەوە بوو، من لەبری ئەوەی خەون بە زۆرباوە ببینم، خۆمم لە کارەکتەری (نووسەر)ەکە، هاوڕێکەی زۆربادا دییەوە. زۆربا کەسێکی سەربەست، کەسێکی کردە، کەسێک لە ئێستادا دەژیا و گوێی بەوە نەدەدا سبەی چی ڕوودەدات و لە هیچ سڵ ناکاتەوە. کەسێکە خاوەنی ئەزموونێکی گەورەی ژیانە و لە ژیانەوە فێر بووە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکات، چۆن خۆشەویستی بکات، چۆن ڕووبەڕووی ژیان ببێتەوە و چۆن بژی. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە کارەکتەری (نووسەر)ەکە دەبینێت و هەموو بەسەرهاتەکانیش گەشتی ژیانی ئەو دوو کارەکتەرە، زۆربا/ نووسەرەکەیە و ستراکتووری ڕۆمانەکەی پێکهێناوە.

**ڕووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**دانا ڕەئووف:** دەتوانم بڵێم کتێب بۆچوونی منی بە تەواوی گۆڕیوە. ئەگەر من کتێبم نەخوێندایەتەوە، هەڵبەتە ئێستا کەسێکی تر دەبووم، هەموو کتێبێک شتێکم لا بەجێدەهێڵێ، هەموو کتێبێک شتێکم تێدا دەگۆڕێ، بەڵام هەمیشە خۆمم. کتێبەکان منیان گۆڕیوە، تووشی سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێ و ئازاریان کردووم، بەڵام لەگەڵ هەر کتێبێکی تردا دونیابینینم فراوانتر بووە، گەڕانەکانم بە دوای خودی خۆمدا زیاتر و سەختتر بوون. هەندێک کتێبیش هەن بۆ من هەرگیز بیر ناچنەوە، بۆ نموونە دەقە شانۆییەکانی چێخەف، (دەرگا داخراوەکان)ی سارتەر، (تاعوون)ی کامۆ (فانۆسی ئەفسوناوی)ی بێرگمان (بەرەو دیمەشق)ی ستریندبێرگ... هتد.



**دەمەوێت کە مردم تا دوو ڕۆژ بە خاک نەسپێردرێم**

**ڕووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**

**دانا ڕەئووف:** مێشەکانی سارتەر و خەونەنمایشێکی ستریندبێرگ و ماڵی بێرناردای لۆرکا. ئەم سێ دەقە لە دونیای شانۆدا زۆر گرینگن. سارتەر لە مێشەکاندا، هەروەک دەقەکانی تری دەقێکی فەلسەفی و هاوکات شانۆیی دەنووسێت، دەقەکە چەندە فەلسەفییە هێندەیش شانۆییە. خەونەنمایشێک دیدی شانۆی گۆڕی و سەرەتایەکی پتەوی مۆدانیزمە لە شانۆی جیهانیدا. ماڵی بێرناردا دەقێکە، هەموو کارەکتەرکانی ئافرەتن و لۆرکا بە شیعرێکی بەرز نووسیویەتی.

**ڕووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**دانا ڕەئووف:** من تا ئێستا حەوت دەقی شانۆییم نووسیوە. هەست دەکەم هارۆڵد پینتەر، لاش نۆرێن و یۆن فۆسە، دیدی منیان بۆ نووسینی دەقی شانۆیی گۆڕیوە و کاریگەرییەکی تەواوی ستایلی ئەم نووسەرانەم بەسەرەوەیە.

**ڕووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**دانا ڕەئووف:** دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، نامەکانی نێوان ئەنتوان چێخەف و ئۆڵگا کنیپەر. یەکەمجار ئەم کتێبەم بە سویدی خوێندەوە، دڵم تەنگ بوو، پاش هەفتەیەک بڕیارم دا و سەردانی ماڵەکەی چێخەفم لە نیمچە دوورگەی کریم کرد و پێشنیاریشم کرد بۆ کاک ڕەئووف بێگەر تا بیکات بە کوردی. کە سەرلەنوێ بە کوردیش خوێندمەوە، نەگریام، بەڵام دڵتەنگی کردم.

**ڕووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**

**دانا ڕەئووف:** دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، نامەکانی نێوان ئەنتوان چێخەف و ئۆڵگا کنیپەر. ئەم کتێبە، کە نامەکانی نێوان چێخەف و ئۆڵگا کنیپەرە، وێنەی خۆشەویستییەکی جوانە، کتێبەکە باسی شانۆ و عیشق و دابڕان و بیرکردن دەکات، هاوکات هونەری نامەنووسینیشە کە لای ئێمە ئەم جۆرە کتێب و ئەدەبە ئەو ڕۆڵ و ئامادەییەی نییە.

***

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەڕەنسا- فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە تا وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چوارده ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**ڕووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**دانا ڕەئووف:** ڕاستگۆیی و بڕوابەخۆبوون.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**دانا ڕەئووف:** میهرەبانی، بڕوابەخۆبوون، لێبوردەیی و ساکاری.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**دانا ڕەئووف:** من لەم ڕووەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا نابینم، هەر بۆیە بۆ ژنانیش دەڵێم: میهرەبانی، بڕوابەخۆبوون، لێبوردەیی و ساکاری.

**ڕووداو: بە نرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**دانا ڕەئووف:** ڕاستگۆیی، گفتوگۆ بەردەوامەکانی خۆشەویستی، ئەدەب و هزر و هونەر.

**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**

**دانا ڕەئووف:** شانۆ، کتێب و سەفەر. من هەمیشە لە سەفەر و هۆڵی شانۆکانم و کتێبێکیش لە جانتاکەمدایە. بۆ هەر شوێنێک سەفەر بکەم دەچمە شانۆکان، بۆ هەر شوێنێک سەفەر بکەم دەچمە کتێبخانەکانیان.

**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**دانا ڕەئووف:** نازانم. بڕوایشم بە بەختەوەریی ئایدیاڵ نییە، بڕوایش ناکەم لەم زەمەنەی ئێمەدا شتێک هەبێت بە ناوی بەختەوەریی ئایدیاڵ.

**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**دانا ڕەئووف:** بیربکەرەوە چیتر مرۆڤ خەون نەبینێت؟ من لەم دەقانەی دواییمدا زۆر کارم لەسەر خەون کردووە. ئەو کاتەی مرۆڤ خەون نابینێت جوانییەکانیش نابینێ و دەمرێت. هەروەها بیری تاکڕەوانە و خۆسەپێن ڕەشترین چارەنووسی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە.

**ڕووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**

**دانا ڕەئووف:** لەناو سروشت، گوندێکی سەوز، سەوز و تەڕ، دوور لە ئینتەرنێت و تەلەفۆن.

ڕووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟

دانا ڕەئووف: ڕەنگی سوور هەمیشە دەتبات بۆ لای گوڵ، گوڵ دەبێت ڕەنگی سوور بێت. گوڵەباخ و دالیا و بێگومان نێرگزیش.


**ڕووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**دانا ڕەئووف:** شەکسپیر، ستریندبێرگ، چێخەف، مارسیل پروست، بێکێت، هارۆڵد پینتەر، بێگومان دۆستۆیڤسکی.

**ڕووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**دانا ڕەئووف:** مایکۆڤسکی، یەسنین و شێرکۆ بێکەس و دلاوەر قەرەداغی.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ**



**کاریگەریی تەواوی هارۆڵد پینتەر، لاش نۆرێن و یۆن فۆسەم لەسەرە**

**دڵخوازە؟**

**دانا ڕەئووف:** زۆربەی پاڵەوانەکانی دەقە شانۆییەکانی چێخەف.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**دانا ڕەئووف:** سۆنیا، لە "خاڵە ڤانیا"ی چێخەفدا، هەروەها ئانا کارنینا کە چەندان جار لەسەر شانۆکان بینیومە و هەرجارە بە جۆرێک دەرکەوتووە. ئەم ڕۆمانەی تۆلستۆی پڕە لە وێنەی کاریگەر، هەر بۆیە تا ئێستا چەندان جار کراوە بە فیلم و شانۆ. بێگومان ڕۆمانەکەیش باسی خۆشەویستی دەکات کە تا مرۆڤ هەبێت، خۆشەویستیش هەر دەبێت.

**ڕووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**دانا ڕەئووف:** من زۆر گوێ لە مۆسیقای کلاسیکی دەگرم، مۆزارت بۆ من وزەیەکی ڕۆحییە و هەست دەکەم تێکەڵاوی خوێنم دەبێت.

**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**دانا ڕەئووف:** ڤان گۆگ، پیکاسۆ، پاولا مێدەشۆن، کارڵ لاشۆن.

**ڕووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**دانا ڕەئووف:** مەستانە، خاوێ، شاینە و نێرگز.

**ڕووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**دانا ڕەئووف:** درۆ، لە خشتەبردن و لەخۆبایبوون.

**ڕووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**دانا ڕەئووف:** دەنگم خۆش بووایە. هههههه

**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**دانا ڕەئووف:** لەپڕ و بێ ئازار. حەزدەکەم، کە مردیشم تا دوو ڕۆژ بە خاک نەسپێردرێم.

**ڕووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**دانا ڕەئووف:** زۆر باش نییە. هەندێک جار ئاگام لە دڵم نییە و ئەوەیش ڕۆحم ئازار دەدات، هەندێک جاریش کەسانێک ئازاری ڕۆحم دەدەن. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئارامم، ئارامییش دۆخی ڕۆح بە شێوەیەکی باش ڕادەگرێت.

**ڕووداو: دروشمی تۆ چییە؟**

**دانا ڕەئووف:** خۆشەویستی، دوورکەوتنەوە لە ئیرەیی و بێگومان ئازادی. ژیان بێ ئازادی دۆزەخە.

**ڕووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**دانا ڕەئووف:** بەڵێ. بێگومان دەمەوێت هەر نووسەر و شانۆکار بم و لەگەڵ با بێم و لەگەڵ با بڕۆم. با سیمبولی نەوەستانە و شتێکە هەمیشە لە جووڵەدایە.

**ڕووداو: سەبارەت بە دوایین بەرهەمی خۆت بۆمان بدوێ، ئیش لەسەر چ کارێک دەکەی، هەندێ وردەکاریمان لەسەری بدەرێ، ئایا بەرهەمی تازەت هەیە و لە چ قۆناغێکدایە، وردەکاری و ناوەکەی، هەر شتێک کە حەز بکەی دەربارەی بە ئێمەی بڵێیت؟**

**دانا ڕەئووف:** ئێستا کار لەسەر سێ بەرهەمم دەکەم: یەکەمیان سێیینەیەکی تازەیە بە ناوی (وەک ئەوەی ژیان لەوێ بێت). دووەم خەریکی پێداچوونەوەی کتێبەکەمم لەسەر ستریندبێرگ کە لە ساڵی 2014 چاپ کراوە و ئێستا لە بازاڕدا نەماوە، هاوکات چاپی دووەمی کتێبی (شانۆی توندوتیژ لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا). ئەم کتێبەم لە ساڵەکانی 1980 چاپ کراوە و یەکەم کتێبمە، چاپی دووەمی بە شێوەیەکی تەواو دەوڵەمەند کراوە و لە هەموو ڕوویەکەوە تیایدا قووڵ بوومەتەوە و کارێکی زۆرم تێدا کردووە.